# کوردێک دەبێتە پارێزگار چونکە کورد زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگایان بەدەستهێناوە

شاخەوان عەبدولڵا، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: گۆڕانکاری لە ئیدارەی کەرکووک دەکرێت، زۆر کەس پێی وابوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکە ناکرێت، کەچی هەڵبژاردن کرا.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئەمڕۆ پێنجشەممە باسی لەوەکرد: وەکو شاندێکی پەرلەمانی عێراق هاتووینە بۆ کەرکووک، تا پاڵپشتی لە هەنگاوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکە بکەین بۆ ئەو گۆڕانکاریيانەی کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕوودەدات.

لەبارەی هەڵبژاردنی پارێزگاری کەرکووکەوە، شاخەوان عەبدولڵا ئاشکرای کرد: بە دڵنیاییەوە کوردێک دەبێتە پارێزگار بەهۆی ئەوەی کورد زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگایان بەدەست هێناوە.